# نا نا نا بۆ لەسێدارەدان!

## بۆ: رای گشتی

ئاگادارکردنەوەی پارێزەری خوێندکاری کورد (حەبیبوالله لەتیفی) بەوەی کەرۆژی یەکشەممە سزای لەسێدارەدانی جێبەجێدەکرێت ئێمەی نوسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەند و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان دڵتەنگ و نیگەران بووین لەبەرئەوە وێرای ئەوەی ئەم هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی رژێمی ئێران ووشیاردەکەینەوە کەلەم بریارە پەشیمان ببنەوە و ئەم خوێندکارە کوردە ئازاد بکەن چونکە لەئەگەری لەسێدارەدانی ئەم خوێندکارە کوردە رووی ناشیرینی دەسەڵاتدارانی ئێران لەوەی کەئێستا هەیە ناشیرین تر دەبێت لەبەرچاوی گەلی کورد و بەجێبەجێکردنی ئەم بریارە رق و قینێکی توند لەناو گەلی کورد دەچێنێت لەبەرامبەر خۆیدا و ئەو چاکانەی لەرۆژگاری رابردوو لەبەرامبەر گەلی کوردی هەرێمی کوردستان کردوونی دەیانکات بەبڵقی سەرئاو و هیچ بایەخێکیان نامێنێت و بەپێچەوانەوە ئێرانیش دەچێتە ناو ئەو ووڵاتانەی توند دەستیان داوەتە دژایەتی گەلی کورد جارێکیتر بەناوی گەلی خاوەن هەست و بیری نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان نیگەرانی و نارەزایی خۆمان لەبەرامبەر ئەم ئاگادارکردنەوەیەی ئێران رادەگەیەنین و بەهیوایین دەسەڵاتدارانی ئێران لەم بریارەیان پاشگەزببنەوە و بەپێچەوانەوە لەئەگەری جێبەجێکردنیشی هەڵوێستی ترمان لێرەشەوە داوا لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ناوخۆ و نێودەوڵەتی یاساناس و رۆژنامەنووس و نوسەران و هونەرمەندانی کوردستان و دۆستانی کورد دەکەین لەمەر ئەم پرسە و پاراستنی ژیانی ئەم خوێندکارە کوردە هەڵوێستیان هەبێت و هەروەها داواش لەبەرپرسانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراق دەکەین پەیوەندیە شەخسی و دیبلۆماسیەکانیان بەکاربهێنن بۆ رێگەگرتن لەوەی ئەم بریارە جێبەجێبکرێت چاوەروانی هەوڵ و کۆششی هەموو لایەکتانین

**نا بۆ لەسێدارەدان**

**رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان!**

**وێنەیەک بۆ:**

**سەرکۆماری عێراق**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان و جیهان!**

**گشت مرۆڤدۆستانی و ئازادیخوازان!**